


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان!
ئەم کاتەتان باش.
ئێوە دەزانن کە ئێمە هەمووەمان جیا لەوەی کە پێمان خۆشە لە قوتابخانە دا سەرکەوتوو بین و زانکۆ تەواو بکەین و چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش بین، حەز و ئاواتی دیکەشمان هەیە کە پێمان خۆشە وەدی بێن. بۆ وێنە زۆربەمان پێمان خۆشە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتن لە قوتابخانە دا لە وەرزش دا سەرکەوتوو بین، هەمانە حەزی لە مووزیکە، بەشێک حەزیان شێوەکارییە، بەشێک حەزیان لە کامپیوتێرە، بەشێکی زۆریش لە منداڵان حەزیان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی یا هەر زمانێکی دیکەیە..........
هەموو ئەو بوارانەش کە باسمان کردن پەیوەندیی راستەوخۆیان بە وانەکانی قوتابخانەوە هەیە.

منداڵەکان ئێوە دەزانن کە پشووی هاوین باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی لەو بوارانە دا کە حەزمان لێیانە خۆمان پێ بگەیەنین، بێ ئەوەی لە قوتابخانە دوا بکەوین. رێکخراوە و ناوەندەکانی تایبەت بە منداڵان لە پشووی هاوین دا دەورەی تایبەت بە منداڵان دەکەنەوە. بەشداریمان لەو دەورانە دا لە چەندین لاوە سوودی هەیە بۆمان. یەکەم: ماوەی پشووی هاوینمان بە فیڕۆ ناڕوات و لەم ماوەیە دا دەتوانین زانیاریی خۆمان بەرینە سەر. دووهەم: لەم ماوەیەدا دەتوانین لە گەڕان و سوڕانەوەی بێهوودە لە سەر شەقام و کۆڵانەکان دووربکەوینەوە و لەو نەخۆشییانەی کە لەوانەیە بەهۆی گەرماوە تووشیان بین خۆ بپارێزین. سێهەم: ئەم دەورانە دەتوانن یارمەتیدەرمان بن بۆ قوتابخانە، چونکە بەشی زۆری ئەم دەورانە بەشێکن لە وانەکانی قوتابخانە.جا کە وابوو منداڵە ئازیزەکان! بۆ ئەوەی بتوانین لە پشووی هاوینەمان بە شێوەیەکی باش کەڵک وەربگرین و ئەو ماوەیە لە تەمەنمان بە فیڕۆ نەڕوات، با هەموومان روو بکەینە ناوەندەکانی تایبەت بە منداڵان و لە دەورەکانیان دا بە شێوەیەکی رێک و پێک بەشدار بین.






یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاواز و مۆسیقای کوردی کە بۆ ماوەی نزیک بە نیو سەدەیە لە ئاسمانی کوردەواری دا دەدرەوشێتەوە مامۆستا حیشمەتوڵلا لورنەژادە.

حیشمەتوڵلا لورنەژاد کوڕی خوالێخۆشبوو حاجی فەتحوڵلا لە ساڵی ١٣٢٦ هەتاوی لە گەڕەکی عەللاف خانەی کرماشان و لە بنەماڵەیەکی دەنگ خۆش چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. هەر لە شاری کرماشان دەست بە خوێندن دەکات و لە ساڵی ١٣٤٣ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بە هاوکاریی ئورکێستری رادیۆ کرماشان یەکەم گۆرانیی خۆی تۆمار کرد. ئەوە بوو بە سەرەتایەکی باش بۆ لوڕنژاد و بە شێوەی ڕەسمی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد. شارەزایی لوڕنژاد لە سەر زاراوەکانی کەلهوڕی، لوڕی، هەورامی، سۆرانی و تا رادەیەکیش کورمانجیی ژووروو لە گۆرانییەکانی دا بە باشی خۆی نیشان دەدات و هەر ئەم تایبەتمەندییەش وای کردوە کە دەنگی لوڕنەژاد لە ناوچەیەکی تایبەت دا قەتیس نەمێنێتەوە و سەر بە هەموو ماڵێکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت ئێرانیش دا بکات.

هەر لە رادیۆ کرماشان لە نزیکەوە لە گەڵ هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا حەسەن زیرەک ئاشنا دەبێت، بۆ ماوەیەکی زۆر لە خزمەت ئەو هونەرمەندە مەزنەدا دەبێت و لە رێنوێنییەکانی کەڵک وەر دەگرێت. شێوەی گۆرانی گوتنی لوڕنەژاد لە هونەرمەندان سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی و تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان زۆر نزیکەو تا رادەیەکیش کاریگەریی ئەم هونەرمەندانە لە سەر لوڕنەژاد لە گۆرانییەکانی دا بەر چاو دەکەوێت.

حیشمەتوڵلا لوڕنەژاد هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە ئیدارەی کەشناسیی کرماشان فەرمانبەر بوو، بەڵام دەستی لە گۆرانی و مۆسیقی هەڵنەگرت و توانی زیاتر لە ٢٠٠ گۆرانی بە زاراوەکانی کەلهوڕی، لوڕی، سۆرانی و هەورامی تۆمار بکات و خزمەتێکی بەر چاو بە فەرهەنگ وکولتوری میللەتەکەی بکات.

شیعری زۆربەی گۆرانییەکانی لوڕنەژاد هی شاعیرانی ناوداری کورد( مەولەویی کورد، تاهیر بەگی جاف، سەید یەعقوب ماهیدەشتی و یەدوڵلا لوڕنەژاد)ە.

حیشمەتوڵلا لوڕنەژاد خاوەنی سێ منداڵ، کچێک و دوو کوڕە، کوڕە گەورەکەی (حسام الدین) ئێستا گۆرانی بێژە و یەکێک لە دەنگە دیارەکانی ناوچەی ئیلام و کرماشانە.

ئەو هونەرمەندە بەرەبەیانی رۆژی شەممە ٢٥ خەرمانانی ١٣٧٤ هەتاوی لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە، دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان راوەستاو ماڵاوایی هەتا هەتایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و هەر لە شاری کرماشان شاری عاشقان و دیاری شیرین و فەرهاد بە خاک ئەسپێردرا.

ئا: فەرشید محەمەدی

## فرمێسکەکانت مۆمەکەی من دەکوژیننەوە

پیاوێک تازە هاوسەرەکەی مردبوو، کچێکی ٣ ساڵەی هەبوو، زۆری کچە ٣ ساڵەکەی خۆش دەویست. کچەکەی تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بوو. باوکی زۆری خەم بوو و هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی کچەکەی چاک ببێتەوە لەپێناوی چاک بوونەوەی کچەکەی دا پارەیەکی زۆری خەرج کرد بۆ ئەوەی کچەکەی لە دەست ئەو نەخۆشییە ڕزگاری ببێت، بەڵام نەخۆشییەکە بەرە بەرە ترسناک تر دەبووو لە ئەنجامدا ئەم نەخۆشییە بووە هۆی مردنی کچەکەی. پیاوەکە زۆر ناڕەحەت و گۆشەگیر بوو. لەگەڵ کەس قسەی نەدەکردو نەدەچووە سەر کار. خزم و هاوڕێکانی زۆریان هەوڵ دەدا کە وەک جاران بە ئاسایی بژی و ئەوەندە خەم نەخوات. بەڵام ئەو هەوڵانەیان بێ سوود بوو.

ڕۆژێکیان باوکەکە، خەونێکی سەیری بینی، لە خەوی دا دیتی لە بەهەشتە و ڕیزێک فریشتە لەسەر ڕێگایەکی ئاڵتوونی بەرەو کۆشکێکی زۆر جوان دەچن. هەموو فریشتەکان بێجگە لە یەکێکیان مۆمی داگیرساویان بەدەستەوەیە. کە لە فریشتەکان نزیک بووەوە، بینی ئەو فریشتە بچکۆڵەیە کچەکەی خۆیەتی. لە باوەشی کردو وتی: کچەکەم، بۆ ناڕەحەتی؟ بۆ مۆمەکەی تۆ کوژاوەتەوە؟ کچەکەی وتی: باوکە، هەرکاتێک تۆ دەگری فرمێسکەکانت مۆمەکەی من دەکوژێننەوە، هەر کاتێک تۆ ناڕەحەت دەبی، منیش ناڕەحەت دەبم، هەر کاتێک تۆ گۆشەگیر دەبی، منیش گۆشەگیر دەبم و ناتوانم وەک منداڵەکانی تر خۆشحاڵ بم. باوکەکە کە گوێی لەو قسانەی کچەکەی بوو، فرمێسکەکانی هاتنە خوارەوە، لە خەو هەستاو فرمێسکەکانی سڕی و بڕیاری دا هەر وەک جاران ئاسایی درێژە بە ژیانی بدات.

ئا: هانا وریا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

مامۆستا: کێ دەزانێت کە لۆکە لە چی پەیدا دەبێت؟
قوتابی: مامۆستا کە بەفر وشک بێتەوە دەبێت بە لۆکە.

***

یەکەم: بە راستی من بەم باران بارینە زۆر خۆشحاڵم!
دووهەم: وادیارە تۆ جووتیاریت؟
یەکەم: نەخێر من چەتر فرۆشم.

***

رۆژێک دوو شێت لە نەخۆشخانە دێنە دەرێ. یەکێکیان سەموونخانەیەک دەبینێ لەوی دیکە دەپرسێ: ئەو سەموونخانەیە بۆ لە نزیک نەخۆشخانەیە؟ دووهەمی دەڵێ: بۆ نازانی تائەگەر سەموونێک سووتا زوو بیگەیەننە نەخۆشخانە.

***

مامۆستای بیرکاری لە ئازاد دەپرسێت:
«ئەگەر باوکت ١٠ تمەنی پێ بێت و تۆش داوای ٦تمەنی لێ بکەیت، چەندی پێ ئەمێنێت؟»
ئازادیش لە وەڵامدا دەڵێ:
«١٠ تمەن»
مامۆستاش بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ:
«دانیشە! تۆ بیرکاری هەر نازانیت.»
ئازادیش دەڵێ:
«تۆش باوکی من هەر ناناسیت، ئەو پارە نادات بە دایکم ئینجا بە منی چۆن دەدا.

# چیرۆکی پڕ پەند

منالێکی تەمەن ١٠ساڵان لە رووداوێکی هاتوچۆدا دەستی چەپی لە دەست دا، باوکی منالەکە، کورەکەی خستە بەر دەستی ماموستایەکی جۆدۆکار و داوای لێ کرد بیکات بە قارەمانێکی جۆدۆ. ماموستایەکە وەریگرت و گفتی پێدا کە بۆ ماوەی ساڵێکی دەتوانێت کورەکەی لە قارەمانەتی گشت یانەکانی وڵاتدا بە سەرکەوتوویی ببینێت.

بۆ ماوەی شەش مانگ تەنیا لە سەر بەدەنسازی کاری کردو تاکە یەک فەننیشی فێر نەکرد دوای ٦مانگ هەواڵیان پێ گەیشت کە دوای مانگێکی دیکە لە باشگای شارەکەیان پێشبرکێی جۆدۆ دەست پێ دەکات،

ماموستا بۆ ماوەی مانگێک تەنیا یەک فەننێکی فێر کرد و کاری لە سەر کرد، بەڵێ سەرەنجام پێشبرکێ دەستی پێ کرد و بەو تاکە فەننە توانی بە بە سەر هەموو بەرامبەرەکانی دا سەرکەوێت و خەڵکی سەرسوڕماوبکات.

٣مانگ دواتریش کورە ١٠ساڵانەکە



توانی بەو تاکە فەننە براوەی نێوان باشگاکانیش بێت و ساڵی دواتر ئەم منالە یەک دەستە توانی لە پێشبرکێی سەراسەریدا تەواوی بەرامبەرەکانی خۆی تەختی زەوی بکات و وەک قارەمانی یەکەمی وڵات دیاری بکرێت.

لە کاتی گەڕانەوەیان لە پێشبرکێ، منالەکە لە ماموستاکەی پرسی، ئەوە چۆن بوو وا سەرکەوتم؟ ماموستاکەی گوتی:» هۆی یەکەمت ئەوە بوو کە بە باشی بە سەر ئەم تاکە فەننەدا زاڵ بووی، دووهەم هۆ ئەوە بوو تاکە هیوات هەر ئەم تاکە فەننە بوو، سێهەم هۆ ناسینی بەرەنگاری کردن بەو فەننە، گرتنی دەستی چەپی بەرامبەرەکانت بوو کە تۆ ئەودەستەت نەبوو

ئاکام: لە ژیانتدا فێر بە، لە خاڵە لاوازەکانت وەک خاڵ بە هێزەکان کەڵک وەرگری،

نهێنیی سەرکەوتن لە ژیاندا هەبوونی «ئیمکانات» نییە، بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لە بێ ئیمکاناتییە وەک خاڵی بە هێز.

لە فارسییەوە بە دەست تێوەردانەوە
مندالی دوێنێ /٢٦ خاکەلێوەی١٣٨٩/
(٢٧١٠ی کوردی)

www.Kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، ناسح خاکی، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com
دنیای منداڵان

# كڵاوی حەوت ڕەنگ

هەبوو نەبوو لە دێیەکی خۆش و سەرسەوز کوڕێکی منداڵ بە ناوی ئاریان دەژیا. ئەوەندە کوڕێکی باش بوو کە هەموو خەڵک خۆشیان دەویست و هەموو منداڵەکان لە گەڵی هاوڕێ بوون.

ڕۆژێک لە ڕۆژە جوانەکانی بەهار کە هەموو دارەکان گوڵووکی ڕەنگاو ڕەنگیان دەر کردبوو، ئاریان لە گەڵ هاوڕێکانی لە دەرەوە یارییان دەکرد کە لە نەکاو باران دەستی پێ کرد، باری و باری و باری....

منداڵەکان کە تەڕ بوون یارییەکەیان ڕاگرت و هەر کەس بۆ ماڵی خۆی ڕۆیشتەوە.

دایە گەورەی ئاریان لە ژوورێ دانیشتبوو دیتی کە قژی ئاریان تەڕ بووە، گوتی: ئە من دەزانم چی بکەم، فکرێکی باشم هەیە. دایە گەورە بە ئەسپایی لە جێگای خۆی هەستاو ڕۆیشت بۆ لای بووخچەکەی خۆی. بووخچەکەی دایە گەورە هەمیشە پڕ بوو لە شتی سەرنج ڕاکێش بەڵام ئاریان نەی دەزانی کە دایە گەورە دەیهەوێ چی لە بووخچەکەی دەربهێنێ. لە بەر ئەوە بە وردی چاوی لە دایە گەورە دەکرد. دایە گەورە لە نێو بوخچەکەی دا گەڕاو گەڕا تا چەند گلۆڵە کاموای ڕەنگاو ڕەنگی دەرهێنا، دوایی بە ئاریانی گوت کە: چرایەکە هەڵکاو چاویلکەکەی بۆ بێنێتەوە، ئاریان خێرا چاویلکەکەی دایە گەورەی دەرهێنا و چرایەکەی هەڵ کرد. دوایی لە گۆشەیەک دانیشت و چاوی لە دایە گەورە کرد. دایە گەورە چاویلکە جوانەکەی لە چاو کردو میل و کامواکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە




چنین. یەکەم جار کاموای سووری چنی و چنی، دوایی کاموای نارنجی چنی، زەردی هەڵگرت و دوایی نۆبەی ڕەنگی سەوز هات. ڕەنگە ئاوی یەکە لە نێو کامواکان خۆی شاردبووەوە ئەوی دیتەوە و چنی. دوایی نۆبەی کاموای ڕەنگی نیلی هات و کاموای بەنەوش ئاخرین کاموا بوو کە دایە گەورە چنی. کاری دایە گەورە تەواو بوو، کڵاوێکی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ ئاریان چنیبوو. کڵاوەکەی ئاریان جوان سەر و گوێی دادەپۆشی و لەوە بە دوا دەیتوانی لە هەوای بارانی دا یاری بکات. ئاریان کڵاوە جوانەکەی لە سەر کرد و ڕۆیشت بۆ پشت پەنجەرە. دایە گەورە لە بن چاویلکەکەیەوە چاوی لە ئاریان دەکرد کە چەندە دڵخۆشە، دایە گەورەش خۆشحاڵ بوو.

ئەو ڕۆژە ڕۆیشت، سبەینێ منداڵەکان چوونەوە دەرێ بۆ یاری کردن. ئاریان کڵاوە جوانەکەی لە سەر کردو چوو بۆ لای منداڵەکان باران نم نم باری، بۆ

ئەوەی تەڕ نەبن منداڵەکان قەراریان دانا دوای تەواو بوونی باران بێنەوە دەرێ. هەموو ڕۆیشتنەوە ماڵەکانی خۆیان، ئاریانیش ڕۆیشتەوە ماڵەوە و لە پشت پەنجەرە چاوی لە دەرێ دەکرد و چاوەڕوان بوو باران تەواو بێت. باران باری و باری و باری...... تا ئەوەی وردە وردە ئاسمان ساف بۆوە و ڕۆژی جوانیش بە پێکەنینەوە لە پشت هەورەکان هاتە دەرێ. دەنگی پێکەنینی منداڵەکانیش لە کۆڵانەکانەوە بەرز بۆوە، ئاریان کڵاوەکەی لە سەر کردو لە ماڵەوە هاتە دەرێ بۆ لای هاوڕێکانی. یەکێک لە منداڵەکان لە نەکاو گوتی: چاو لێکەن کۆلکە زێڕینە هاتە دەرێ، کۆلکە زێڕینە وەک کڵاوەکەی ئاریانە.

دوایی منداڵەکان پێکەوە حەوت ڕەنگی کۆلکە زێڕینەیان دووبارە کردەوە ( سوور، نارنجی، زەرد، سەوز، ئاوی، نیلی، بەنەوش) ئەوان ڕاستیان دەکرد، دایە گەورەی ئاریان کڵاوێکی وەک ڕەنگەکانی کۆلکە زێڕینە ڕەنگاو ڕەنگ و جوان چنیبوو.

وەرگێڕان: ژیوار حەسەنپوور



# چیرۆکی دارەکە

لەناو شارێکی چەپەڵ
پڕپڕ لە خەڵکی تەمەڵ
شارێکی پیس و پۆخڵ
هەموو شوێنێ پڕ زبڵ
دارێکی تاک و تەنیا
لەسەر شۆستەیەک دەژیا
خەڵک زۆر بە نەزانی
قەد قەدریان نەدەزانی
هەر لق و پۆپیان دەشکاند
یەک داریشیان نەدەچاند
تاقەداری بەستەزمان
هیوای چوونە دارستان
بینینی هاوڕێکانی
چۆلەکە و دارو کانی
خەون و خولیای بوو هەردەم
دوور لە دووکەڵ زبڵ خەم
شەوێک تاقەدار ویستی
هیواکەی بێنێتە دی
لەسەرخۆ هەستا سەرپێ
بۆ دارستان کەوتە ڕێ
نزیکی بەرەبەیان
دار گەیشتە دارستان
پڕ بوو لە خەندە و خۆشی
دوور لە دووکەڵ نەخۆشی
دار جلی تازەی پۆشی
تێر ئاوی پاکی نۆشی
ئاواتەکەی هاتە دی
بە ئامانجی خۆی گەیی

***

بە ڕووناک بوونەوەی شار
خەڵکی دیسان کەوتنە کار
لە پڕ خەڵکی شارەکە
وتیان کوانێ دارەکە
داری تەنیا نەما بوو
جێیەکەی بەتاڵ مابوو
لەو ڕۆژەوە خەڵکی شار
نارەحەت بۆ تاقەدار
زۆر پەشیمان بوونەوە
بە خۆیان دا چوونەوە
کە چەند ئازاریان دابوو
ڕێزیان بۆ دانەنابوو
دەیانوت دڵی شکا
تازە ون بوو هەرنەما

***

تاقەدار لە دارستان
دڵی پڕ بۆوە لە ژان
بیری شار دای گرتەوە
خۆشی لە بیر بردەوە
بیری نیشتیمانەکەی
منداڵانی شارەکەی
کە بۆ لەناوچوون دەچوو
شار پڕ لە دووکەڵ ببوو
دڵی دار پڕ بوو لە خەم
بەرچاوی ببوو بە تەم
بۆیە دار لە دارستان
خەمی دڵی هەڵڕژان
چیرۆکی خۆی گێڕاوە
کە چی بۆ وێی هێناوە
دارەکانی دارستان
بە گوێ گرتن لە داستان
بڕیاریاندا پێکەوە
شار زیندوو بکەنەوە
کاتێک تاریکان داهات
مانگ بۆ چەقی ئاسمان هات
هەموو دارەکان ڕیز ڕیز
گرتیانەبەر شاری زیز
کە سبەی هەتاوی جوان
بەدیار کەوت لە ئاسمان
لە پێناو خاوێنی شار
هەموو دەستیان کردە کار
کاتێ هەموو خەڵکی شار
هاتنەدەر بۆ کاروبار
هەموو سەریان سوڕما بوو
شار وەکوو بەهەشت وابوو
پڕ بوو لە جریوە جریوە
لە گوڵی جوان وەک زریوە
دڵی خەڵک شاد بۆوە
دەردو خەمیان بیر چۆوە
ئەوجارە بڕیاریاندا
هەتا کۆتایی دونیا
دڵی یەک دار نەشکێنن
قەت قەت نەیانڕەنجێنن
هەردەم یارمەتیان کەن
هیچ شوێنێکیش پیس نەکەن
لەو ڕۆژەوە ئەوشارە
پڕ پڕ لە دار و بارە
خەڵک هەر دار دەڕوێنن
هەوای پاک بەدەست دێنن


(تری بۆکانی)

# مسواکی مشکە بچکۆلە



نیوە شەو بووو هەموو شوێنێک تاریک بوو بەڵام دەنگی گریان دەهات. ئا ئەوە دەنگی مسواکی مشکە بچکۆلەکە بوو.

مسواک ئەوەندە گریا کە فریشتەی میهرەبان دڵی پێ سووتاو لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ بۆ لای.

فریشتەی میهرەبان سڵاوی لە مسواک کرد. مسواک کە تازە لە هاتنی فریشتە ئاگادار ببوو بە خۆشحاڵییەوە جوابی سڵاوەکەی دایەوە. فریشتەی میهرەبان پرسیاری لە مسواک کرد بۆچی ئەوەندە دەگری؟ مسواک گوتی: ئەمن مسواکی مشکە بچکۆلەم کاتێک کە دایکی مشکە بچکۆلەکە ئەمنی کڕی زۆر خۆشحاڵ بووم، بەڵام یەک مانگە مشکە بچکۆلە ئێستا کەڵکی لە من وەرنەگرتووە. ئەو منی خۆش ناوێ و ئەمن زۆری لێ دڵگرانم.

فریشتە گوتی: لەوانەیە نەزانێ کە تۆ چەندە باش و بە سودی، نازانێ کە مسواک لێ نەدان کارێکی زۆر خراپە لەوانەیە ددانەکانی خراپ بێ.

مسواک گوتی: بەڵام دایک و بابی پێیان گوتوە کە مسواک لێنەدان چەندە زیانی هەیە.



فریشتەی میهرەبان کە دڵی بە مسواک سوتابوو گوتی ئەمن تەنیا دەتوانم کارێکت بۆ بکەم و ئەویش ئەوەیە کە ئەمشەو بچمە خەونی و داهاتووی پێ نیشان بدەم.

ئەو شەوە کاتێک مشکە بچکۆلە لە شیرین خەو دا بوو فریشتە چووە خەونی.

مشکە لە خەونی دا گەورە بووە چۆتە قوتابخانە.

زۆر خۆشحاڵ بووو لەگەڵ هاوڕێکانی کایەیان دەکرد.

لە خەونی دا ڕۆژێک کە ئاوی ساردی دەخواردەوە ددانی ساردو گەرمی دەکرد بەڵام ئەو گوێی پێ نەدا.

وردە وردە ددانی زۆرتر دێشاو بۆنی دمی ناخۆش ببوو.

هاوڕێکانی کایەیان لەگەڵ نەدەکرد و دەیانگوت دمی بۆنی ناخۆشی لێ دێ.




مشکە بچکۆلە بەیانی نەچووە قوتابخانەو لەگەڵ دایکی چوونە لای دوکتوری ددان. دوکتور کە چاوی بە ددانەکانی مشکە کەوت زۆر توورە بووو پێی گوت چونکە زۆر دەمێکە ددانەکانت ناشۆی هێپلی زۆر لەنێو دمت دا کۆبۆتەوە.



مشکە پرسی: هێپلی چیە؟
دوکتور گوتی: هێپلی شتێکی وردن کە وەبەر چاو نایەن.
ئەوان لەسەر ددانی مرۆڤ دەژین و کاتێک کە ددانەکانت ناشۆی ئەوان زۆر خۆشحاڵ دەبن و ددانەکانت دەخۆن.
دوایە دوکتور گوتی: تۆ لەپێشدا ئەو دەرمانانە بخۆ کاتێک کە سوورایی کوڵمەت تەواو بوو ددانەکانت بۆ چاک دەکەم.
لەو ماوەیەدا مشکە بچکۆلە نەیدەتوانی بە باشی خواردن بخوا. زۆری حەز لە بەستەنی و توقڵ بوو بەڵام نەیدەتوانی بخوا چونکە ددانەکانی دێشان.



شەو کە مشکە بچکۆلە دەی ویست بخەوێ لە بەر ئێشی ددانی خەوی لێ نەدەکەوت دەگریا کە فریشتەی میهرەبان هاتە لای و گوتی بۆچی دەگری ئازیزەکەم؟
مشکەبچکۆلەگوتی:ددانەکانم رەنگیان گۆڕاوە و بۆنیان زۆر ناخۆش بوە. هاورێکانم ئیدی قسەم لەگەڵ ناکەن و لە هەموویان خراپتر ئەوەیە کە ناتوانم ئەو خواردنانەی کە حەزم لێیانە بیان خۆم.
فریشتە گوتی: لە بیرتە کە دایک و باوکت چەندەیان ئامۆژگاری دەکردی؟
مشکە گوتی: بەڵێ خەتای خۆم بوو، من هەڵەم کرد ئایا تۆ یارمەتیم دەدەی؟



فریشتە گوتی: ئەمن دەتوانم تۆ بۆ چەند ساڵ دواتر بگەرێنمەوە ئەو کاتە کە بچکۆلەتر بووی و ددانەکانت خراپ نەبوون. بەڵام تۆش دەبێ بەڵێنم پێ بدەی کە لەوە بەدواوە ددانەکانت بشۆی.
مشکە بچکۆلە گوتی: باشە بەڵێن دەدەم.
فریشتە گوتی: ئەو کاغەزە بگرە و هەموو شەوێ کە مسواکت لێدا یەکێک لەو چوارگۆشانە رەنگ بکە تا لەبیرت نەچێ بەبێ مسواک لێدان بخەوی.
لەو کاتەدا دایکی لە خەوی هەستاند. مشکە بینی کە ددانەکانی خراپ نەبووە و زۆر خۆشحاڵ بوو. لە کاتی رێک و پێک کردنی جێ خەوەکەی دا کاغەزێکی بینی (هەر ئەو کاغەزە بوو کە فریشتە لە خەودا پێی دابوو)
لەو کاتەوە هەموو کاتێک پێش خەوتن ددانەکانی دەشوشت و دوایەش یەکێک لە چوارگۆشەکانی رەنگ دەکرد.

وەرگێران لە فارسییەوە: دایکی نارین

# جیاوازییەکانی نێوان ئەم وێنانە بدۆزەوە






## مەتەڵەکانی ئەمجارەمان

***

ئەوە چییە؟ چەم چەمیلەی چەماوە، مردووە و زیندووم تێناوە.

***

ئەوە چییە؟ چواری دەچەقێ، دووی دەلەقێ، دووی دەزەقێ.

***

ئەوە چییە؟ ئەم لای پەرژین و ئەو لای پەرژین، تێیدایە کۆترێکی نەخشین.

***

ئەوە چییە؟ سەری سەوزە، بنی رەشە، ناوی سپی یە ودڵی گەشە.

خەڵات  وەڵام

# پەتای خوێن بەر بوون

منداڵە ئازیزەکان:

دەزانن ئەمساڵیش ئاژەڵە بەستەزمانەکان نەخۆشی یەکی تر رووی تێ کردوون و خەریکە قڕیان تێ دەخاو تەنانەت ئەوەندە نەخۆشی یەکی بێ بەزەییە بەوانیشەوە ناوەستێ و رووی لە ئێمەی مرۆڤیش کردووە.

منداڵە چاو گەشەکان! بۆ ئەوەی ئێوەی خۆشەویستیش بزانن ئەو نەخۆشی یە کوشەندەیە چییە و دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی تووشی نەبن. لێرەدا ئەم نەخۆشی یەو چونیەتی تووشبوونەکەیتان پێ دەناسێنین، ئێوەش حەتمەن بۆ دایک و باوک و خۆشک و برا گەورەکانیشتانی بخوێننەوە جوان بۆیانی شی بکەنەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان! گەلێک نەخۆشی هەیە کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان دا هاوبەشن. هەندێک لەو نەخۆشی یانە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوەو تەنانەت زۆریش مەترسیدارن و هێندێکیشیان بۆ مرۆڤ ناگوازرێتەوەو تەنیا بۆ ئاژەڵەکان مەترسیدارن. بەڵام ئەم نەخۆشی یە کە ئێستا لە کوردستانیش بڵاو بۆتەوە لەو جۆرە نەخۆشی یانەیە کە مرۆڤیش تووشی دەبێت و زۆریش مەترسیدارە وئەگەر بە پەلە نەگەیەنرێتە لای دوکتور رەنگە بیکوژێ. ئەم نەخۆشی یە ناوی «پەتای خوێن بەر بوون»ە، وەک لە ناوەکەی را دیارە. یانی ئەگەر شوێنێک لە جەستەی ئەو کەسەی کە تووشی ئەم پەتایە بووە بریندار بێ، خوێنەکەی ناوەستێ بەردەوام هەر خوێنی لە بەر دەڕوا.

بۆیە ئەم نەخۆشی یە بۆ مرۆڤیش دەگوازرێتەوە، چونکە نەخۆشینەکە ڤایرووسییەو لە رێگای «گەنە»وەدەگوازرێتەوە.





کە واتە منداڵە چاوگەشەکان!

حەتمەن بۆ ئەوەی کە تووشی ئەم نەخۆشی یە نەبن ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرن باشە!

أ): حەتمەن بەر لەوەی بچنە سەر سفرەی نان خواردن دەستەکانتان بە ئاو و سابوون جوان بشۆن.

ب): حەتمەن پاش ئەوەی کە لە ئاودەست هاتنەدەرێ دەستەکانتان بە ئاو و سابوون جوان بشۆن.

ج: بە سەفەر مەچنە ئەو شوێنانەی کە ئەم نەخۆشی یەی لێ بڵاو بوتەوە.

د): تا کاتێک کە دوکتورەکان چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشی یە دەبیننەوە کەمتر بە لای ئاژەڵان دا بچن و خۆتانیان لێ بە دوور بگرن.

نووسین: سید جەلال سالحی



# گۆڕان لە ژیانی مرۆڤێک دا

## ( گۆڕانێکی گرنگ )

رۆژێکیان پیاوێکی کوێر لەسەر شەقام دانیشتبوو و کڵاوێکی لە پێش خۆی دانابوو تا ئەو کەسانەی بەوێ دا تێدەپەڕن یارمەتیی بدەن، تابلۆیەکیشی لە تەنیشت خۆی دانابوو کە لێی نوسرابوو «ئەمن کوێرم تکایە یارمەتیم بدەن.» جارێکیان رۆژنامەنوسێک بەلای پیاوەکەدا دەرۆیشت چاوی بە کڵاوەکەی کەوت کە پارەیەکی کەمی تێدا بوو، بۆخۆشی برێکی دیکەی پارە بۆ دانا دواتر بێ ئەوەی ئیجازەی لێ وەرگرێ تابلۆکەی دەست دایەو



رستەیەکی دیکەی لەسەر نووسی و تابلۆکەی لە تەنیشت پیاوە کوێرەکەدانا و رۆیشت.

پیاوەکە هەستی بەو کارە کرد، بەڵام نەیتوانی هیچ قسەیەک بکا چونکە رۆژنامە نووسەکە لەوێ نەمابوو.

ئێوارەی هەمان رۆژ، رۆژنامەنووسەکە هاتەوە بینی کە کڵاوی پیاوە کوێرەکە پڕ بووە لە پارە. پیاوە کوێرەکە بە دەنگی تەقەی کەوشەکان رۆژنامە نووسەکەی ناسییەوە و بانگی کرد. پرسیاری لێ کرد کە بەیانی چی لەسەر تابلۆکە نووسیوە، رۆژنامە نووسەکە لە وەڵام دا وتی شتێکی زۆر گرنگ نەبوو تەنیا رستەکەم بەجۆرێکی دیکە نووسی و بە پێکەنینەوە لەوێ دوورکەوتەوە.

پیاوە کوێرەکە هەرگیز نەیزانی کە ئەو رۆژنامەنووسە چی لەسەر ئەو تابلۆیە نووسیوە، بەڵام رۆژنامەنووسەکە ئەم رستەیەی نووسیبوو «ئەمرۆ یەکێک لە رۆژەکانی بەهارە، بەڵام ئەمن ناتوانم وەک ئێوە ببینم.»

ئا: دایکی پەیام

---

# ئایا دەزانن؟




ئایا دەزانن؟ کە خولی یەکەمیارییەکانی مۆندیال لە ساڵی ١٩٣٠ لە وڵاتی ئۆرۆگوئە بە رێوە چوو وەهەریانەی ئۆرۆگوئە بۆ خۆی بوو بە یەکەم.



ئایا دەزانن؟ کە کێشی کاسی مۆندیال ٦کیلۆ و ١٧٥گرەمە.

ئایا دەزانن؟ کە یانەی برازیل لە هەر ١٩ خولەکەی مۆندیال دا بەشدار بووە و ٥ جاریش بووتە یەکەم.

ئایا دەزانن؟ کە باشترین گۆڵکاری یارییەکانی مۆندیال هەر لە یەکەم مۆندیالەوە تا ئێستا رۆناڵدۆی برازیلی یە کە لە ٣خولی مۆندیال دا ١٥گۆڵی بۆ یانەکەی تومار کردوە.



ئایا دەزانن؟ کە ناوی تۆپی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ئافریقای باشوور»جابوولانی»یە کەلە زمانی ئەو ئەو وڵاتەدا بە واتای»جەژن» دێت.



ئایا دەزانن؟ کە کەم تەمەنترین گۆڵکاری یارییەکانی مۆندیال لە یەکەم مۆندیالەوە تا ئێستا «پلە»ی برازیلییە کە لە مۆندیالی ساڵی ١٩٥٤ لە تەمەنی ١٧ساڵیدا گۆڵی بۆ یانەکەی تومار کرد.






لە ساڵێکی وشکەساڵدا خەڵکی گوندێک منداڵە وردەکان کۆ دەکەنەوەو دەیان بەن بۆ دەشت تا بپاڕێنەوە بەڵکوو باران بباریێ، مەلا نەسرەدین چاوی پێیان دەکەوێت و پێیان دەڵێت: خەڵکینە وەڵڵا ئەگەر بە پاڕانەوەی ئەم منداڵانە بووایە ئێستا دەبوو یەک ماموستاش زیندوو نەبوایەت.

***

کابرایەک دەچێتە لای مەلا نەسرەدین و پێی دەڵێت:

قوربان کەی دەچیتە ئەو دنیا؟

مەلاش لێی دەپرسێت بۆ چی؟

کابرا دەڵێت قوربان باوکم ئەوە پێنج مانگە مردووە دەمەوێت نامەیەکی بۆ بنێرم، تۆ لە هەموو کەس باشتری بۆی بەریت.

مەلاش دەڵێت: من ڕێگەم ناکەوێتە جەهەننەم بە بە یەکێکی ترا بۆی بنێرە.

## فلچەی ددان دەگری



دوێنێ شەوێ درەنگان
دەگریا فلچەی ددان
دڵی پڕ بوو لە «دیاری»
دەیگوت پێم ناشوا زاری
منی بۆچی کڕیوە
زاری هەر بۆ گەنیوە
خەڵک ڕێزی لێ ناگرن
دەبێ، خۆ دوور ڕاگرن
ددانی کلۆر بووە
بەشێکیشی بۆر بووە
زەرد و پیسە ددانی
بۆیە هاوەڵانەکانی
هەموو لێی دەکشێنەوە
دەڕۆن ناگەڕێنەوە ە



ڕەسووڵ سوڵتانی

# وێنەو نەقاشییەكانتان لە دنیای منداڵان دا



دورین دەرخۆر



ساریە و نەوین



شاهین ئیبراهیم پوور



دەریا دەرخۆر



سینا عەزیزی



تەبەسوم فاتمی



فریاد كارساز



ڕەوەند فەلاحی



شەقایەق



تروسكە كەریمی



فەرزین ئەحمەدپوور




ڕێبوار حەسەن



ئاریان ئەحمەدپوور



تروسكە ئەحمەدپوور



ساریە عارفی



نیما بێورانی